# دیوی سێهەمی پەندەکان

بەرزان هەستیار
ئابی 2007
ئەڵمانیا/کۆلن
bhastiar@yahoo.de

بەردێک لە ئاسمان بەربێتەوە ،
خەرەندێک پڕ ئەکاتەوە
یان پێدەشتێک ئەکاتە خەرەند !!

******

ئەگەر گوڵ نیت ،
هەرچی دڕکت هەیە ،.....
لەسەر لەپی دەستی من بڵاویان کەرەوە
نەکا ،پێی منداڵێک لە کاتی گەمە کردندا ،
یان کیژۆڵەیەک لە گەرمەی یەکەم ژواندا ، ئازار بدات

******

دوو مەمک لە سینەیەکدا ،
کاتێ بەر یەک ئەکەون ، نە ، شەڕێک بەرپا ئەبێت و
نە هاوارێک ئەبیستین ،
بەڵکو سەراپای زەوی پڕ ئەبێت لە ڕووناکی و
ئاسمانیش ساماڵ

******

ئەوەی چاڵ بۆ کەسێک هەڵکەنێت
یان بەرائەتی تێ ئەکەوێت ،
یان بەرائەت ،
یان بەرائەت

******

کە جام پڕ بوو ،

له نەجابەتی خۆیەتی ، کە نەڕژێت

******

کەو ، ئەو کەوەیە ،
خەیاڵی دێوجامە بخوێنێتەوە و
ڕیسی ڕاوچی بکاتەوە بە خوریی

******

ڕووناکیی مانگەشەو ،
جێ ژوانی  عاشقان ئاشکرا ئەکات و
چراوگی دڵە غەمگینەکانیشە

******

خوا ، تا کێو نەبینێت ،
هەست بە لووت بەرزیی تەبیعەت ناکات

******

قەل بە قەلی وت :
ڕووی ئێمە سپیی ترە ،
یان دەروونی ئادەمیزاد !؟

******

چەپڵە بە دەستێک....
ئەو عیشقانەی هەرزەکارییم بیر ئەخاتەوە
کە هەر خۆم بووم و
کەچی لە ماڵەکەدا جێم نە ئەبۆوە

******

بەردی زل ،
نیشانەی برینی گەورە و
فیچقەی خوێن و
بەرینبوونی مەوداکانی خۆشویستنە

******

ئەوەی بەرز بفڕێت ،
کیشوەرەکانی "جوانیی" لێ ئەبن بە زەنگیانە

******

ئەیەوێت ماسی بگرێت و

**بەر نەفرەتی دەریا نەکەوێت ،**
**یان سەرەمێکوتەکان لە گوناهی خۆش بن**

******

**کوێر تا ئەمرێت ،**
**لە ئێمە جوانتر ئەبینێت !!**

******

**بەردێک ، نەزان بیخاتە گۆمەوە ،**
**تا ئەبەد ئاوەکە بە لێڵیی خوورەی دێ و**
**بەردەکەش لە ڕۆحی زاکیرەی کەسمانا نامێنێت**

******

**بەرد لە جێی خۆی ،**
**بۆگەنی تا دۆزەخ ئەڕوات !!**

******

**چی بچێنیت ،**
**هەتا ئاوڕ ئەدەیتەوە ، ئەیدوورنەوە**

******

**دار هەڵبڕە ،**
**سەگی برسی لە ترسانا قروسکەی دێ و**
**لە ترسیشدا برسێتیی بیر ئەچێتەوە**

******

**ئەوەی لای بەندە خەیاڵە ،**
**خودا ئەخاتە گومانێکەوە،....**
**قووڵتر لە کەون ڕامێنێت !**